سوریا : کوردێك لەژێر ئەشکەنجە گیانی لەدەستدا

بەگوێرەی راگەیەندراوێك کە پارتی یەکێتی دیموکراتی کورد لەسوریا بڵاویکردۆتەوە، کوردێك بەناوی (محەمەد وسوو عەلی) کە نزیکەی مانگێك دەبێت ببووە سەربازی لەشکری سوریاو لەلیوای ١٥٧ خزمەتی دەکرد لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستداوە. رۆژی ٢٠٠٦/٣/٢٨ (وسوو عەلی) باوکی (محەمەد) هەواڵی مردنی کوڕەکەی پێدەدرێ، بۆ بەدواداچوونی هەواڵەکە سەردانی لیوای ١٥٧ دەکاتو داوای تەرمی کوڕەکەی دەکاتەوە، بەڵام ئەفسەرانی سوپا نە ئامادەبوون تەرمی کوڕەکەی بدەنەوە نە سەبارەت بەهۆکاری مردنەکەشی شتێکیان درکاند. بەگوێرەی وتەی بنەماڵەی کورژاوەکە، کاتێ کوڕەکەیان بەزۆر راپێچی سەربازی کراوە، هیچ نەخۆشیەکی نەبووە، بەڵام بەهۆی دەمەقاڵەی لەگەڵ ئەفسەرێکی سوپای سوریا بەتووندی ئەشکەنجەدراوە، هەر لەبەر ئەوەی کە کورد بووە دەستیان لێ نەپاراستووە، بەم هۆیەوە لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەست داوە.

ڕا پۆرتقانانی بێ سنوور کار بە زمانی کوردی دەکات

سەرەکی لەپاریسە، بەڕێ دەکات.

ڕێکخراوی راپۆرتقانانی بێ سنوور (RSF) لەهەنگاوێکیدا بڕیاریدا لەمەوبەدوا راگەیاندنەکانی خۆی بەزمانی کوردیش بڵاوبکاتەوە بەگوێرەی هەواڵ لەمەوبەدوا سیروان حاجی بەکۆ سەرنووسەری ماڵپەڕی (عامودە کۆم) وەك پەیامنێری فەرمی ڕێکخراوەکە دەست بەکار دەبێت. هەروەها ناوبراو لەنزیکەوە چاودێری پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤی کوردستان دەکاتو راپۆرتی خۆی بۆ ڕێکخراوەکە کە مەڵبەندی

دیاربەکر: ٢٤ ژن ئازادکران

هەواڵەکان: لە چوارەمین دانیشتنی دادگەی دیاربەکر، بەشی سزای گران، دادوەر ٢٤ ئەندامی ئینسیاتیڤیدایکانی ئاشتی ئازاد کرد. ئەوەی شیاوی باسە ئینسیاتیڤی دایکانی ئاشتی لەلایەن ژمارەیەك ژنی باکوری کوردستانەوە پێکهاتووە، بەمەبەستی بەرقەرارکردنی ئاشتی لە تورکیاو کوردستاندا درێژە بەتێکۆشانی خۆی دەدات. ماوەیەك لەمەوبەر بەتۆمەتی ئەوەی ئەو ژنانە لایەنگیری لەشەڕ دەکەنو ئەندامی پارتی کرێکارانی کوردستانن لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی تورکیاوە دەستگیرکرابوونو زیندانی کرابوون، بەڵام سەرەنجام دادگەی دیاربەکر بێتاوانی ئەو ٢٤ ژنەی سەلماندوو ئازادی کردن

سۆران: پۆلیسێك دەکوژرێ و کچێکیش بریندار دەکرێ

کاتژمێر ٢٠ی رۆژی ٢٠٠٦/٣/٢٩ لەبەرانبەر تاقیگەی نەخۆشخانەی سۆران، گوللەی نەناسراوێك بەرسنگی پۆلیسێك دەکەوێتو دەستبەجێ گیانی لەدەستدا. کوژراوەکە ناوی (شێروان رەشید خورشید)ە و تەمەنی ٢٣ ساڵە. بەگوێرەی قسەی پۆلیس تاوەکو ئامادەکردنی ئەم هەواڵە بکوژەکە نەناسراوەو هۆکاری کوشتنەکەیش نەزانراوە. هەر لەهەمان رۆژدا کچێکی تەمەن ١٩ ساڵەی دانیشتووی قەزای سۆران لەکاتێکدا لەماڵە دراوسێیەکیان دەبێ گوللەیەکی وێڵ بەری دەکەوێتو بەسەختی بریندار دەکات. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە سەرچاوەی گوللەکەو ئامانج لەبریندارکردنی ئەو کچە نەزانراوەو پۆلیس لێکۆڵینەوە لەروداوەکە دەکات.

هەواڵی سەیر

*لەیادی نەورۆزو ڕاپەڕینی ئەمساڵدا پیاوێك بەجلی کوردییەوە بەگەڕەکی موسەلای کەرکوکدا تێپەڕ ئەبێ. پاسکیل سوارێك بەتیژی بەلای دەڕواتو هاوار دەکات (یاپراغ) ئەمیش هیچی پێ ناکرێ تەنها پرسیارێك دەکات ئەرێ ئەو کەسە ناناسن؟، دەڵێن براکەم ئەوانە کۆمەڵێکن بەکرێ گیراوی (بەرەی تورکمانی) ینو راسپێردراون ئەم جۆرە کارانە دژ بە کورد ئەنجام بدەن.. وەك دەزانرێ سەرچاوەی دارایی ئەم ڕەگەزپەستانە وڵاتی تورکیایە، ڕەنگە میتی تورکیا بۆ ئەو کارانە هانیان دەداتو مەبەستی نانەوەی ئاژاوەیە لە نێوان کوردو تورکماندا.

* ئیدارەی پارێزگای کەرکوك کە لەدوای ڕووخانی بەعسەوە نەخزایە سەر هیچ کام لەهەرێمەکانی کوردستان، بەهۆی نارێکیو نەگونجانی لایەنەکانی کوردستانەوە لەسەر بەڕێوەبردنو دابەشکردنی پۆستەکانی ئەو پارێزگایە، ئێستا کە ئیشێك هەبێ لەوێ ئەبێ پێشتر بزانی ئەو فەرمانبەرەی ئەچی بۆلای، سەر بە چ لایەنێکە تا خۆت ئامادە باشی بۆ بکەیت، ئەگینا کارت ناڕوات تەنانەت لەپرسگەشدا رێگای چوونە ژوورەوەی هاوڵاتیان بەشێوازی رەنگو ئینتیمای حزبیە.

* لەیەکێك لەبەنزینخانەی گەڕەکە کوردنشینەکانی شاری کەرکوك (کەسێك) خۆی کرد بەژووردا داوای لەپۆلیسەکە کرد یارمەتی بدات، چونکە خەریکی ئیشوکاری یادرکردنەوەی نەورۆزو ڕاپەڕینە. ئەویش پێی گووت چ لایەنێکی هەتا بە (عەقید فلان) بڵێم. ئەویش ووتی ئەی عەقید فلان خۆی چ لایەنێکە. ووتی وەلا خۆی (هین) بوو، بەڵام دەڵێن ئێستا گۆڕیویەتی.. زۆر سەیرە (حیمایە) نەزانێ ئەفسەرەکەی سەر بە چ لایەنێکی سیاسییە.

* لەچەمچەمال ماڵێك ویستیان خانووەکەیان نوێ بکەنەوە، شۆفڵیان بەکارهێنا بۆ ڕووخانی خانووەکە. دوای پاککردنەوە ژوورێکیان هێڵاڵبۆوەو بۆ کاری پێویست، بەڵام لەناکاو ژوورەکە دەڕمێ بەسەر (٣ منداڵ)داو یەکێکیان هەر لەوێ دەمرێو دووانکەی دیکەش بەخراپیو بووراوەیی ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکەن.

* بەهارو نەورۆزی ئەمساڵ زۆر بێ بەرنامەیی پێوە دیاربوو، هەرچەندە بەهۆی کەم بارانییەوە بەهارەکەی خۆش نەبوو، بەڵام خەڵکێکی زۆر دەرچووبوون بۆ گەشتوگوزار، کۆمەڵێ شەڕو ئاژاوەی ناو سەیرانگاکانو تەقەکردنو چەقۆلێدانو ئۆتۆمبێل وەرگەڕان دە ئەوەندەی ئەنفلەوەنزای باڵندەکە خەڵکی کوشت. سەیر لەوەدایە وەزارەتی تایبەتیش هەیە بۆگەشتو گوزارو چەندەها بەڕێوەبەرایەتیشیان هەیە. ئەمە جگە لەهەندێ کۆمەڵەو ڕێکخراوی نا حکومی تایبەت بەژینگەو گەشتو گوزار، بەڵام هیچ ڕێنماییەکمان نەبینی.

* مەریوان واحید، خەڵکی گوندی شێخ جگری لەبەردەم بینای دادگای کەرکوك سواری تەکسیەك دەبێو لەڕێگا شۆفێرەکە ٢ کەسی دیکە هەڵدەگرێ، ئینجا مەریوان دەڕفێنن، لەڕێگای بەغداد هەرچی پارەی پێ دەبێ لێی دەستێننو مامەڵەکەی لێ دەدڕێننو ئەوەندەی لێدەدەن تا دەیبووڕێننەوە. پاش ئەوەی بەهۆشی خۆی دێتەوە سەیر دەکات لەچۆلەوانیەك فڕێدراوە. وەکو لەزمانی کوڕەکەوە دەگێڕنەوە ئەوانە باندێکی شارەزانو تێکەڵن، هەموو نەتەوەکانی تیایەو مەبەستیانە ئاژاوە لەکەرکوك بەردەوام بێ.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

کوردان دەست بەسەردەکرێن

بەگوێرەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، لەماوەی دوو هەفتەی رابردوودا ١٠ کەس لەشاری بۆکانو چەندین کەسی دیکە لەشارەکانی وەك مهابادو ماکۆو پیرانشار بەتۆمەتی ئەندامبوونو هاوکاری کردن لەگەڵ ڕێکخراوە کوردستانیەکان دەستگیرکراونو ڕەوانەی زیندان کراون. هەر بەگوێرەی راگەیەندراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، زیاتر لە ١٥٠ کەس بە تۆمەتی جۆراوجۆر گیراونو کەسیش هەواڵێکیان لێ نازانێ. فەرمانداریو ناوەندەکانی دەزگای پەیوەندار داوا لەکەسوکاری گیراوەکان دەکەن کە نابێ زانیاری سەبارەت بەگیرانی کوڕەکانیان بە سەرچاوەکانی هەواڵو لایەنە نەیارەکان بدەن.

لەسەر بەڵێنی قایمقام ڕێپێوان دواخرا

مامۆستایانی دەڤەری بیتوێن پشدەر بەمەبەستی ناڕەزایی دەربڕین سەبارەت بەموچەو دەرماڵە بەنیازبوون رۆژی ٢٠٠٦/٤/١ لە شاری رانیەدا خۆپێشاندان بکەنو ڕێپێوانی هێمنانە بەڕێوەببەن، بۆ ئەم مەبەستە ئاگاداری لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردبوو، قایمقامی قەزای رانیە بۆ ئەوەی ڕێپێوانکە ئەنجام نەدرێت، لەگەڵ نوێنەرانی مامۆستایانی ناڕازی کۆببۆوە وداوای لێکردبوون کە بۆخۆی بەدوای داخوازیەکەیان دادەچێتو داوا لەوەزیری پەروەردە دەکات تا بێتو لەنزیکەوە گوێ لەداخوازیەکانیان بگرێو کێشەکەیان چارەسەربکات. مامۆستایان لەسەر بەڵێنی قایمقام ڕێپێوانی خۆیان بەدواخست، بەڵام دووپات دەکەنەوە ئەگەر لەچەند رۆژی داهاتوودا خودی وەزیر نەبینن و کێشەکەیان چارەسەر نەکرێت، ڕێپێوانێکی گەورە سازدەکەنو دوایش ڕێگەچارەی وەك مانگرتنو دەوام نەکردن دەگرنەبەر.

هەواڵ

کچێك خۆی سووتاند

* رۆژی ٢٠٠٦/٣/١٩ کچێکی خوێندکاری ئامادەیی لەرانیە بەناوی (سوعاد) ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداو خۆی سووتاند، دوای ئەمە کوڕێکیش کە عاشقی سوعاد بوو بە دووگوللە خۆی بریندار کرد. هۆکاری ئەو کارەساتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بنەماڵەی کچەکە بەبیانۆی جیاوازی چینایەتیەوە ڕێگەیان بە کچەکەیان نەدا شوو بەخۆشەویستەکەی خۆی بکات. بنەماڵەی کوڕەکە کەمتەرخەم نەبوون، چەندین جار خوازبێنی ئەو کچەیان کردبوو، بەڵام ڕەتکرابوونەوە. ئەم کارەساتە زۆربەی لاوانی هەرێمەکەی نیگەرانو داخبار کرد.

خوێندکارێکی ناوەندی خۆی دەکوژێ

* رۆژی ٢٠٠٦/٣/٢٢ کچێکی تەمەن (١٤) ساڵان بەناوی (دڵخۆش باپیر سەعدی) کە خەڵکی ناوچەی شەقڵاوەیە بەهۆی کێشەی لەگەڵ زڕدایکیدا خۆی دەسووتێنێو کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێ. شیاوی باسە ناوبراو خوێندکاری پۆلی ناوەندی بووە، لەکاتی گەڕانەوەی لەقوتابخانە ئەم کارە ئەنجام دەدات.

بەرپرسێك دەیەوێ ژمارەیەك خێزان نان بڕاو بکات

* بەرپرسێك بەناوی (ف. ع) کە بۆخۆی خەڵکی هەولێرە، چەندین ڕەزو باخی لەشەقڵاوەدا کڕیوە. لەگەڕەکی زێوەرێ دەیەویت پرۆژەی جۆراوجۆر بوونیادبنێ، هەندێك باخی تر هەن لەتەنیشت باخەکانی ناوبراو کە هی خەڵکی ترن و سەر بەمزگەوتە و چەندین ساڵە بەدەست خەڵکی هەژارو نەدارەوەیەو بۆ بژێوی خۆیان بەکاری دەهێنن کەچی لەم ماوەیەدا هەڕەشەی لێ کردوونو پێی راگەیاندوون کە باخەکانی مزگەوت لەحکومەت دەکڕێتەوەو دەبنە موڵکی ئەو. شیاوی ووتنە کێشە لەنێوان خەڵکەکە پەیدابووە، چونکە زۆربەیان خەڵکی بێ لایەنو کەسێ پشتگیریان لێ ناکات.

ئاگر لەقوتابخانەیەك بەردەدەن

* رۆژی ٢٠٠٦/٣/٢٥، چەند کەسێکی تێکدەر ئاگر لە قوتابخانەی بەرزێوەی سەر بەقەزای سۆران بەردەدەنو دەیسووتێنن، هەرچی کەلو پەلی تێدایە لەناو دەچێت، لەدواییدا پاسەوانەکە دەستگیر دەکرێ کە قوتابخانەکەی جێهێشتووە.

منداڵێك فرێدەدرێ

* رۆژی ٢٠٠٦/٣/٢٢ منداڵێکی فرێدراو لەگەڕەکی ئازادی شاری رانیە دۆزرایەوە. گومان لەوە دەکرێ کە ئەو منداڵە لەلایەن ژنێکەوە فرێدرابێت کە لەرێگەی نا ڕەواوە دروستی کردبێت. فرێدانی منداڵێکی لەو بابەتە کێشەو گرفتی زۆری بۆ ژنانی شارەکە دروست کردووەو تۆمەت بۆ چەند ئافرەتێك هەڵبەستراوە.

کچێك دوو هەرزەکار لەداو دەخات

* رۆژی ٢٠٠٦/٣/١٩ لەگەڕەکی سەرمەیدانی شاری شەقڵاوە دوو لاوی خەڵکی ناوچەی خۆشناوەتی لەداوی کچێك دەکەونو دەستگیر دەکرێن. وا بڵاوبۆتەوە کە ئەو دوولاوە هەرزەکارە بەشێوەیەکی سەیر ژمارە مۆبایلی کچی بەرپرسێك پەیدا دەکەنو لەرێگەی تەلەفۆنەوە بێزارو نیگەرانی دەکەنو شەڕی پێدەفرۆشن، کچەکەش ئەو مەسەلەیە لای باوکی باس دەکات، ئەویش بەرنامەیەك بۆ لەداوخستنیان دادەڕێژێ، بەو جۆرە هەردوو لاوەکە لەسەر کاتی ژووان لەگەڵ کچەکە رێکدەکەون، لەکاتی دیاریکراودا لەداو دەکەون دەستگیر دەکرێن.

کۆنگرەی گەل دوو کەس دەستگیر دەکات

*کۆنگرەی گەل بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە لەبناری قەندیل ئاهەنگیان سازدا، لەرۆژانی نەورۆز زۆربەی خەڵکی ناوچەی بتوێن، پشدەر، مەرگەو باڵەکایەتی بەشداریان تێداکرد. دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکەیان لەهەندێك بازگەو شوێن ڕێگریان لەخەڵك کردبوو بەبیانۆی کەسانی زیانبەخشو گومانلێکراو و جاسوس هەر لەم نێوە ٢ هاوڵاتی خەڵکی بێتوێنیان دەستگیر کردبوو. بەناوی (عیسا سۆفی) و (نادر جەبار لاجان) لەدوای چوار رۆژ ئازاردانیانو سزادانیان بە بڕی ٥٠ هەزار دۆلار ئازادکران. شیاوی باسە گوایە قاچاخچی بوونەو پارەی گومرگیان لەسەربووە پێشتر نەیانداوە.

وڵاتیەك دەخنکێ

*رۆژی ٢٠٠٦/٣/٢٣ لەگوندی بۆتێ بناری کارۆخ هاوڵاتیەك بەناوی (ح. ن)لە کاتی پەرینەوە لە رووباری گوندەکەدا شەپۆلی ئاو رایدەپێچێو دەیخنکێنێ. ئەوەی شیاوی باسە ساڵانە چەندین کەس لەبەر نارێکی رێگەوبان تیادەچن یان دەکەونە نێو ئاو دەخنکێن.

سەرافێك بریندار دەکرێ

* رۆژی ٢٠٠٦/٣/١٧ کەسێك بە بیانۆی پارە گۆڕینەوە دەچێتە ماڵی (محەمەد ئەحمەد) کە بەتەنیا لەماڵ دەبێ، ناوبراو مامەڵەی کرێنو فرۆشتنی دۆلار دەکات لەرانیە. گومانلێکراوەکە هەندێ پارەی ساختە دەخاتە نێو گونیەو وا پێشان دەدات کە مەبەستی کڕینی (٤٥) هەزار دۆلاری هەیە، لەکاتێکدا کە دۆلارەکان لەسەرافەکە وەردەگرێت بە نێزە پەلاماری دەداتو بەسەختی بریندار دەکات. پاشان گومانلێکراوەکە خۆی دەرباز دەکاتو دەڕوات. کاتێ خزمو کەسی سەرافەکە دەگەڕێنەوە دەبینن محەمەدی سەراف بەسەختی بریندارە بۆیە بەمەبەستی چارەسەرکردنی بەپەلە ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکەن.

قاسەیەك دەدزرێو ژمارەیەك گومانلێکراو دەگیرێن

رۆژی ٢٠٠٦/٣/٢٩ لەقەیسەری هاوبەش لەشاری دەربەندیخان، دوکانی زێڕنگەری کامەران حارس ئەحمەد دەبڕدرێ. بە گوێرەی وتەی خاوەن دوکانەکە لەشەودا بڕدراوەو دزەکانیش نەیاتوانیوە قاسەکە بشکێنن، بۆیە قاسەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە کە ٤ کیلۆ ئاڵتونو ٩٠ هەزار دۆلاری تیایە. لەسەر سکاڵای خاوەن دوکان چەند کەسێك بەو دزیە تۆمەتبارکراون، بەیاری دادوەر گومانلێکراوەکان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراونو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێت.